سەرکی ئەنجومەنی دادوەری و پەرلەمان تاوتوێی پتەوکردنی چوارچێوەی هاریکاری دامەزراوەیی نێوان هەردوو دەسەڵات دەکەن



ئەمڕۆ یەکشەممە"فایق زێدان"سەرکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری،لەگەڵ "هەیبەت حەلبووسی" سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران، پرسی بەهێزکردنی هەماهەنگیی هاوبەشی نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەریی تاوتوێ کرد.

ئەنجومەنی دادوەری لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی ئاژانسی هەواڵی موتەبع کەوتووە،تیایدا هاتووە : "فایق زێدان"سەرکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، پێشوازی لە "هەیبەت حەلبووسی"سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران کرد،و هەردوولا تاوتوێی ڕێگاکانی بەهێزکردنی هەماهەنگیی نێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەریان لەو بابەتانەدا کردووە کە پەیوەندییان بە هەردووڵاوە هەیە.

وەک لە بەیاننامەکەدا هاتووە : لە سەرێتای دیدارەکەدا "زێدان" پیرۆزبایی لە سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران کرد بەبۆنەی هەڵبژاردنی وەک سەرکی ئەنجومەن و بەدەستهێنانی متمانەی ئێندامانی پەرلەمان،هیوای سەرکەوتنیشی بۆ خواست لە ئێنجامدانی ئەرکە یاساییەکانیدا.

لای خۆیەوە، سەرکی ئەنجومەنی نوێنەران هەوڵەکانی دەسەڵاتی دادوەریی بەرز نرخاند لە تێواوکردنی پێکهێنانی دەسەڵاتی یاسادانان لە چوارچێوەی وادە دەستووریەکاندا.